چاودێر
رۆژنامەیەکی سیاسی، روناکبیری، کۆمەڵایەتیی هەفتانەیە
ژمارە (٥٧٣) دو شەممە ٢٠١٦/٨/١



گرفتەکانی بەردەم پرسی یەکگرتنەوەی یەکێتیی و گۆڕان

» 6

# (چاودێر) ئامانجی کۆبونەوەی سەرکردەی سێ حزبە ئیسلامیەکە ئاشکرادەکات



**چاودێر: تایبەت:**

**بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (چاودێر) کەوتون، بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتودا، سەرکردەی هەر سێ حزبە ئیسلامییەکەی کوردستان، کۆمەڵ و بزوتنەوەو یەکگرتو، کۆبونەوەیەکی لوتکە ئەنجام بدەن و جارێکی دیکە، مەسەلەی پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی تاوتوێ بکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە، ماوەیەکی زۆرە حزبە ئیسلامییەکان باس لە دامەزراندنی بەرەی ئیسلامی دەکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ بەرەوپێشچونێک لەو رووەوە بەدی نەهاتوە. هەروەک ئەبوبەکر کاروانی، سیاسەتمەداری ئیسلامی و ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوی ئیسلامی، ئاماژەی پێدەکات، حزبە ئیسلامییەکان وەک پێویست کاریان بۆ دروستکردنی بەرەی ئیسلامی نەکردوە.**

لەوبارەیەوە، عەبدوڵڵا وەرتێ، ئەندامی ئەنجومەنی شورای بزوتنەوەی ئیسلامی، بە (چاودێر)ی راگەیاند، ئەم بابەتە لەسەرەتاوە زەمینەسازی بۆ کراوەو هەر سێ لایەنە ئیسلامییەکە، ئامادەیی تەواویان بۆ دەربڕیوە، ئەوەی ماوەتەوە کاری جدییە کە لەسەری بکرێت".

لەبارەی کۆبونەوەی سەرکردەی هەر سێ حزبە ئیسلامییەکە، وەرتێ، ئاشکرایکرد، بڕیاروایە لەچەند رۆژی ئایندەدا هەر سێ سەرکردەی حیزبە ئیسلامییەکە کۆببنەوە، دواتریش مەکتەبی سیاسیی هەرسێ حزب کۆدەبنەوە، بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەک، پاشان دەرەنجامی کۆبونەوەکان رادەگەیەنن.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێ لە شارەزایانی بواری ئیسلامی سیاسی، پێیانوایە یەکگرتنی حزبە ئیسلامییەکان، یان پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی، ئاستەنگی زۆری لەبەردەمەو کارێکی ئاسان نییە. لەوبارەیەوە، مەسعود عەبدولخالق، توێژەری بواری ئیسلامی، بە (چاودێر)ی راگەیاند، زۆرجار ئەو پرۆژەیە باسدەکرێت، بەڵام سەرناگرێت، تەنانەت دوایین کۆبونەوەی سێ حزبە ئیسلامییەکەش بێئەنجام کۆتاییهات، لەبەرئەوەی حزبە ئیسلامییەکان لە روی مەدرەسییەوە هەر یەکەو ناسنامەیەکی تایبەتی ئیقلیمی هەیە، بۆیە ناتوانن یەکبگرن، بە نمونە ناسنامەی یەکگرتو لەگەڵ کۆمەڵ جیاوازەو هەردوکیان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی جیاوازن.

**زانیاریی زیاتر لەلاپەڕە ٣دا دەخوێننەوە**


## زانیاریی نوێ لەبارەی نەخشەڕێگاکەی یەکێتیی و گۆڕان

### » بێگەرد تاڵەبانی: نەخشەڕێگاکە هەمەلایەنەیەو وەڵامێکیشە بۆ پێشنیازەکانی پارتی

چاودێر- تایبەت: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان‌و بزوتنەوەی‌گۆڕان پێکەوە کاربۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەک دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن قەیرانە چەقبەستوە سیاسی‌و داراییەکانی هەرێم بەرەو چارەسەرکردن ببەن، کە دوای نزیکەی ١٠ مانگ لە پەکخستنی پارلەمان، هاوڵاتییانی دوچاری دۆخێکی ناهەموار کردوە. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتییش، لە پارلەمانی کوردستان، ئاشکرایدەکات، لە ئێستادا راپۆرتی زۆربەی لیژنە تایبەتمەندەکانی سەرکردایەتیی هاوبەش کۆتاییهاتوەو دواتریش بە پێی دەرەنجامی راپۆرتەکان نەخشەڕێگاکە ئامادەدەکرێت‌و دەخرێتە بەردەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەرپرسێکی گۆڕانیش ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر ویست‌و ئیرادەی بەهێز نەبێت، دەیان پرۆژەو نەخشەڕێگا سودی ئەوتۆیان نابێت، مەکتەبی سیاسی پارتیش جەخت لەچارەسەرکردنی کێشەکان بەگفتوگۆ دەکاتەوە.

3

## پلاتفۆرمی دابڕان بەشداریی پرۆژەیەکی توێژینەوەی نێودەوڵەتی دەکات



» خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس و فاوەندەیشنی کارینگی ئەمەریکی لە پرۆژەکەدان

2

ڕەخنە

### ئیخوان موسلیمین... لەدەسەڵاتەوە بۆ شکست



بەرزانی مەلا تەها



ڕەخنەی

### شێرکۆ بێکەس بە پاسکیلێکەوە جیهانی بەجێ هێشت

# ڕەخنەی چاودێر

٥١٤

سەرپەرشتیار: سامی هادی

ژمارە (٥١٤) دووشەممە ٢٠١٦/٨/١

پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕەخنەیی ئەدەبی ڕووناکبیرییە

www.chawdernews.com

rakhnachawder@gmail.com





**تازەترین وتاری**

**شێرزاد حەسەن**


لاپەڕە (٢)

# سێ ساڵ لەمەوبەر

## شێرکۆ بێکەس بە پاسکیلێکەوە جیهانی بەجێ هێشت



کاری هونەرمەند چنوور عوسمان



کاری هونەرمەند ئاریان ئەبووبەکر

رەخنەی چاودێر

**سێ ڕۆژی تر دەبێ بڵێین: سێ ساڵ لەمەوبەر، شاعیرێک بەو پاسکیلەوە کە هێشتا کەس نەیبینیبوو، کتێبەکان و خوێنەرەکانی پێکەوە بەجێ هێشت. ئەوەی بۆ هەمیشە وەک پرتریتێک لە زەینی ئێمەدا دەمێنێتەوە؛ پیاوێک بوو کە هەمیشە جگەرەکەی لەسەر لێو بوو. ئەو بە شێوەیەکی بەردەوام، وەک کارێکی هەمیشەیی، هەم شیعری دەنووسی و هەم جگەرەی دەکێشا، هەرگیزیش کوردەی بەجێ نەهێشت. ئەمەش یەکێک بوو لە شانازییەکانی، چونکە ئەو بە پڕ واتای وشە، شێرکۆ بێکەس بوو؛ ئەو شاعیرەی کە دەیویست شیعرەکانی کەسی هەموو مرۆڤێکی کورد بن.**

ڕەنگە بۆ شاعیرێک کە تا لە ژیاندا بوو هەموو شتێکی (بە چاک و خراپەوە) لە بارەوە نووسرا، ئێستا قسە کەمتر بێت، بەڵام هەر بەو بۆنەیەوە کە سێ ڕۆژی تر ساڵڕۆژی مردنەکەیەتی، مەرگ لای ئەو لە بابەتە هەرە جددییەکانی نێو ئەدەبیات بوو. بەدەر لەوەی کە کتێبی «ڕەنگدان»ـی بە ڕەنگی ڕەش-وەک سمبولی مەرگ، کۆتایی پێ هێنا، هاوکات بەردەوامیش شیعر و کتێبی بۆ مەرگی هاوڕێ و کەسایەتییە ئەدیب و هونەرمەندەکانی کورد دەنووسی. هەر ئەمە دەکرێت وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەرگ ببینین، یان تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو چەمکە کە تەنیا لە ڕێی ئەدەبیاتەوە دەتوانین لێی نزیکتر ببینەوە، بەڵام سەرەنجام دوور لە زێدەکەی خۆی و لە سەرماوسۆڵەی وڵاتێکی تردا، کە سوید بوو، مەرگی ئەزموون کرد. ئەوکاتیش، جگە لە کتێبەکانی و پاسکیلێک (کتێبێکی تەواونەکراوی) کە هێشتا کەس نەیبینیبوو، هەروەها تەپڵەکێکی جگەرە کە ئەمجارەیان هیچ فلتەرێکی تێدا نەبوو، هیچی بەجێ نەهێشت، چونکە لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا جگەرەی لێ قەدەغە کرابوو، بەڵام وەک هاوڕێکانی ئەو چەند ڕۆژەی کۆتایی ژیانی دەیگێڕنەوە، بەردەوام پاکەت و چەرخ و تەپڵەکەی لەسەر مێزەکەی لە بەرامبەر خۆی دادەنا، وەک ئومێدێک کە بتوانێت بۆ جارێکیش بوویت ڕووبەڕووی ئەو ڕەنگە ببێتەوە کە هەموو ڕەنگەکانی تر دادەپۆشێت، بەڵام سەرەنجام ئەو مرد و ئەستێرەکان هێشتا لێرەن.

**من بۆ دەمرم**

**ئەی ئەستێرەکان بۆ نامرن!**

شێرکۆ بێکەس بە کتێبەکانی ڕووبەرێکی گەورەی لەسەر نەخشەی شیعری کوردی بۆ خۆی داگیر کرد، مەبەست لەمە تەنیا ئەو ژمارە زۆرەی کتێبی شیعریی نییە کە چاپی کردن، بەڵکو جیهانبینیی شیعری ئەو و جۆری تێڕوانینی شیعریی بۆ چەمک و ڕووداو و خودی شیعر وای کردبوو کە لەگەڵ هەر کتێبێکیدا قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتەکەی لە شیعری کوردیدا فراوانتر ببێت.

شێرکۆ بێکەسیش یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە پێی خۆش بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێت ڕۆمانێک بنووسێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی، هۆکاریش تەنیا شیعر بوو. شیعر هەرگیز نەیهێشت شێرکۆ بێکەس ببێت بە ڕۆماننووس. گەرچی چەندین جاریش هەوڵی دا، بەڵام زمانێکی شیعری کە بەسەر پەخشانی ئەو شاعیرەدا زاڵ بوو، هەمیشە ڕێی لێ دەگرت و ڕکێفی (ڕۆمانە سەرنەکەوتووەکانی) لە دەست دەردەچوو. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای کردبێت لە «کورسی»ـیەوە دەقی واڵا بخولقێنێت و لە یەک کاتدا هەم شیعر بخوێنیتەوە، هەم پەخشان، هەم چیرۆک و هەمیش دەقی شانۆیی. ئەمەش وای کردبوو یەک چەمک، یان یەک ڕووداوی ئەدەبی، لە چەند دەلاقەیەکی جیاوازەوە ببینێت، کە هەر ئەم کردە ئەدەبییەش تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ خودی شیعر و جۆری جیهانبینیی شیعریی لای ئەو و خوێنەرەکانی دروست کرد.

شێرکۆ بێکەس، کە لە ٢ی ٥ی ساڵی ١٩٤٠، لە سلێمانی لە دایک بوو، هەر لە یەکەم کتێبییەوە (تریفەی هەڵبەست) دەردەکەوێت کە مەیلێکی یەجگار زۆری بۆ وشەی کوردی هەیە. هەستیاریی ئەو بەرامبەر وشەکان، لە ساڵانی دواتری هەڵکشانی ئەزموون و پرپەرەمیدا زیاتر دەبینرێت، کە نەختەنەختە ڕووی کردە فەرهەنگەکانی وەک «هەنبانەبۆرینە» و «خاڵ» و چەندان فەرهەنگی تر... و وشە لەبیرکراو و پەخسیرکراوەکانی نێو ئەم فەرهانگەی گواستەوە بۆ نێو زمانێکی شیعری. بە دیوێکی تردا، هاوکات ئەو ڕزگارکەری وشە بوو. وشەی جوانی کوردی کە لە هەر دەقێکی درێژیدا هەوڵی دەدا زیاترین وشەی فەرهەنگی لە دێڕی زۆر گونجاوی شیعرەکانیدا بەکار بهێنێت؛ بەم جۆرەیە کە زمان دەتوانێت فراوانتر و دەوڵەمەندتر ببێت، بەڵام سەرەنجام یەک وشە پێشی بە هەموو چالاکییەکانی شێرکۆ بێکەس گرت، کە ئەویش مەرگ بوو. وشەیەک کە تا شیعر و ژیان مابێت، نابێتە وشەیەکی فەرهەنگی و هەڵبگیرێت.

ماوەتەوە بە خوێنەران ڕابگەیەنین، کە لە ساڵڕۆژی مەرگی شێرکۆ بێکەسدا، لە ڕۆژی ٤ی ئەم مانگەدا، کاتژمێر ٧ی ئێوارە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەسەر گڵکۆی شاعیر، لە پارکی ئازادی، مەراسیمێک، بە ئامادەبوونی نووسەران و بنەماڵەی شێرکۆ بێکەس، ڕێک دەخات. لەم مەراسیمەدا جگە لە چەند وتارێک هێندێک لە شیعرەکانی بێکەس لە لایەن هەڵۆ شێرکۆ بێکەسەوە دەخوێنرێنەوە. هاوکات گرووپی ژێداری سلێمانییش پارچەمیوزیکێک پێشکەش دەکات. لە لایەکی تریشەوە هەمان ڕۆژ لە گەلەریی دەزگای سەردەم، پێشانگای کتێبەکانی ئەو دەزگایە بە داشکانی ٥٠٪ دەکرێتەوە.



# ناوێکی تر

بەیانییەک لەخەو ڕائەبم، ئەبینم کوژراوم،
بە فیشەک گشت ئازام خەڵتانی خوێن بووە
نە فریای چەند دێڕێ وەسێت و
نە پێڕاگەشتووم، بۆینباخی دواشیعرم ببەستم
ئەو بەیانییە ناو ئەنێم، سپێدەی جوودابوونەوە...
جوودابوونەوەی خۆم لە داوە وردەکانی ژیان
نیوەڕۆیەک، پێش ئەوەی سەرخەوێ بشکێنم،
هەست ئەکەم ساردوسڕ، ترپەیەک لە دڵم هەڵناستێ...
چەقۆیەک لە گیانما جێماوە،
چەقۆیەک، نازانم لەکوێوە ڕێی کەوتۆتە لای چەپی سنگم و
چۆڕە چۆڕ خوێنی پیا دێتە خوار
ئەو نیوەڕۆیە ناو ئەنێم، نیوەڕۆی بێئاگایی...
بێئاگایی خۆم لە جەستە و لە خوێن و هەناسەم
ئێوارەیەک بەر لەوەی دەست بەرم بۆ یەکەم تیکەنان
ئەبینم، سەری بڕاوم لە تەنیشت خۆمەوە کەوتووە
قرخەقرخ ئەمەوێ شتێک بڵێم و هاوارێک،
ئەو ئێوارەیە، جیاواز لە هەموو ساتەکان ناو ئەنێم...
ئێوارەی غەدرێکی بێڕەنگ و کۆستێکی ڕەنگاوڕەنگ
شەوێک، بەرلەوەی بخزێمە نێو جێکەم...
خۆم بە خنکاویی بە پانکەی ژوورەکەمەوە ئەبینم
ڕەنگزەردیم ئەچێتەوە سەر ڕووخساری منالێکی کەفتەکار
ئەو شەوە شایستەی ناوێکی زۆر سەیرە
ناوی... ناوی... ناوی ئەنێم...
شەوی هەڵهاتن لە مردن، پشتاوپشت تا بەر دەرگای مەرگ

بەیانییەک چاو ئەکەینەوە، ئەبینین کوژراوین
وەک شارەمێرووڵەیەک...
ئەوتی بەسەردا کرابێ...
یان دارستانێکی ژەهرخواردکراو
ئەو بەیانییە ناو ئەنێین...
سپێدەی غەفڵەتمان لە دڵڕەقیی دۆستەکانمان
نیوەڕۆیەک، بەر لە خواردنەوەی چایەکی شیرین
هەست ئەکەین خوێن لە دەمارەکانمانا چکی کردووە
خوێنێک، لە گەرمەی قووڵپدانا بوو
ئەو نیوەڕۆیە ناو ئەنێین...
نیوەڕۆی ڕژانی نامیهرەبانییە شاراوەکانی ئینسان
ئێوارەیەک پێش ئەوەی تەلەفیزۆن پێبکەین
سەری پەڕیوی خۆمان لەبەر قاچمانا ئەبینین
ئەو ئێوارەیە ناو ئەنێین...
ئێوارەی نووسینی سیناریۆی قەڵاچۆکردن
شەوێک بەرلەوەی بگەینە سەر پێخەفەکەمان
گوێمان لە قرخەی خنکانی خۆمان ئەبێ
ئەو شەوە ناو ئەنێین، ناو ئەنێین، ناو ئەنێین...
شەوی سڕینەوەی زەمین لە شوێنپێی یەکتر

مارت و نیسانی ٢٠١٦
ئەڵمانیا/کۆڵن

***

بەرزان هەستیار

# ئێستا کاتی هەڵفڕینە بەرەو ئاسۆ

مردن وەك سەگێکی مات خۆی دەکاتە کۆڵانەکانی زیهنمدا
وەك چەقەڵێکی برسی، یەکبەیەکی خانەکانی مێشکم دەخوات
وەك ترسێکی نەفرەتی ئەندێشەم گرمۆڵە دەکات
لەوانەیە شەوێك بێت و لەژێر نووری مانگەشەودا خۆم بکوژم
لەوانەیە بە لێواری ئەستێرەیەك ڕەگم ببڕم
لەوانەیە مێشکم لەژێر قیتارێکدا بپژێنم
یان پاشماوەی ژەهری سوقرات هەڵقوڕێنم
لەوانەیە لە کەناری سپێدەیەکی تەماویی نێوڕۆحی باخچەیەکدا
سەری نەفرەتلێکراوم بە پەڕەی گوڵ بپەڕێنم

یان شەوێکی ساردی زستان
پیاوێك بە چەقۆی نیگاوە، بە پێڵاوی قوڕینەوە
خۆی دەکاتە ژوورەکەدا
نە دەزانم کە ئەو کێیە
نە دەزانم ناوی چییە
نە دەزانم مەخلوقی کام هەسارەیە
پیاوێکی بەرز و بەهەیبەت
چاوێکی وەك کاسەی خوێنە و چاوێکی وەك دەریا وایە
دەستێکی پڕ لە گولە و ئەو دەستەکەی چەقۆی تیایە

لە سادەیی چاوی ڕاستیدا خۆم دەبینی
خۆم دەبینی کە چۆن وەك شێت
پرچەکانم پەرێشانی دەستی با بوو
خۆم دەبینی بە شەوقەوە ڕامدەکردە سەر کێوەکان
دەمبینی چۆن بازم دەدا بەسەر جۆگەی شینی ئیمان
چۆن مەست دەبووم بە شەونمی سەرگولەکان
چۆن دەچوومە شاری ئەهمەق و بێنەقڵان
چ چاوێکی ساف و بێتاسەیە چاوی
فەراغ ڕێگاکانی چاوی پڕە لە چناری بەرز بەرز
پڕە لە گژوگیای کێوی
پڕە لە دارسێوی دڵتەڕ
پڕە لە تۆڵەکەی بێخەبەر
چ چاوێکی ساف و بێتاسەیە چاوی!

لە سادەیی چاوی ڕاستیدا خۆم دەبینی
من خەریکی هەڵکۆڵینی وێنەی خوا بووم
لەسەر کێوی بێڕەنگیی ئاو
من خەریکی چاندنی تۆوی ئەستێرە بووم
لەسەر ئاسمان
من خەریکی دروستکردنی پردێك بووم
لە نێوان نووری خۆر و مانگ
من تێشووی سەفەرێکم ئەبەست
سەفەر بۆ شاری گەڵایەك
سەفەرێك بۆ گڕی چرایەك
سەفەر بۆ نێوبێقەرارییەکانی عارفێك
بۆ نێو چرکەساتێك لە دێوانەگی
سەفەر بۆ نێو هەقیقەتێکی پەنهان
سەفەر لە بۆ سەرزەمینی وەڵامەکان

لەنێو چاویدا خۆم دەبینی
من خەریکی بەستنی باڵی کۆترێکی بریندار بووم
لە سادەیی چاوی ڕاستیدا
من لە ئەودیو گومانەوە
ژوورێکم بە سەت وشەی خۆشەویستی
بە سەت شکۆفەی نەوبەهار
بە ملیۆنێك گولەبەیبوون
بە سەبەتەیەك پێکەنین
بە هەگبەیەك پڕ لە ئاوازی چۆلەکە
بە دڵێکی پڕ لە عیشق
بە چاوێکی پڕ لە فرمێسك
لای خوا بەکرێ گرتبوو

لە ژوورەکەم من دراوسێی پیرەژنێکی سەرمەست بووم
لە ژوورەکەم دوو پەرداخی زێڕین هەبوو
کە شەوانە لەگەڵ ئەو ژنە مەستەدا
مەیمان دەخواردەوە و مەست دەبووین
مەست دەبووین و مەست دەبووین و مەست دەبووین
سەمای ئازادییمان دەکرد
لەسەربانی بێئاگایی
لەو سەرەوە، سەیری مرۆڤەکانمان دەکرد
سەیری جووتبوونی گولەکان
سەیری ئارەزووی مەلەکان
سەیری مەستە بەئاگاکان
سەیری ڕۆحی خۆمان دەکرد
لەولاشەوە
لە خوێناویی چاوی چەپیدا خۆم دەبینی
خۆم دەبینی کەللەسەرم تۆپی یاریی منالان بوو
خۆم دەبینی دەست و قاچم داری تەنووری ژنان بوو
دەمبینی کە خۆڵەمێشم توتنی نێو جگەرەیەکی پیاوان بوو
دەمبینی چۆن هاڕاوی ئێسقانەکانم
دەکران بە نانی عیبرەت و دەدرانە کاروانچییەکان

چاوی چەپی پڕ بوو لە خوێن
من لە چاویدا
شەڕی خوێناویی سەگەکانم لەبەر ئێسقانێك دەبینی
لە خوێناوی چاوی چەپیدا
جەستەی بێڕۆحی باوکمم بەنێو قوردا ڕادەکێشا
تەرمی گەنیوی دایکمم دەبردە سەر تەپۆڵکەیەك
پارچەپارچە بە دەرخواردی هەڵۆکانی وەحشەتم دەدا

لە خوێناوی چاوی چەپیدا
من شەڕێکم بەرامبەر تەرەشوعی سەر دیوارێك هەڵدەگیرساند
لە خەیاڵما دەمکردە پیاوێکی زاڵم
بە زەبری شەق مافی ژنم لێ وەردەگرت
لە خەیاڵمدا دەمکردە ژنێکی خۆویست
چەقۆم دەخستە سەر ملی سادەییەکانی و


شنە

پیاوێکم لە دەماری دەردەهێنا
من شەڕێکم بەرامبەر بە قەترەکانی بۆڕی ئاوێك هەڵدەگیرساند
من بەست دەبووم
هەرچیم دەوت دووبارەیان دەکردەوە
شەڕێکم دژیان دامەزراند
چەند سەرکێش بوون ئەو قەترانە
لە کاتی ڕۆحدەرچوونیشدا
ناوی من بوو، وێرد و زیکری سەر زمانیان

لە شەوێکی ساردی زستان بە پێڵاوی قوڕینەوە
خۆی دەکاتە ژوورەکەمدا
چاوێکی وەك کاسەی خوێنە و چاوێکی وەك دەریا وایە
دەستێکی پڕ لە گولە و دەستەکەی دیی چەقۆی تیایە
من چوومە نێو چاوی چەپی
سەفەرێکی وەحشەتم کرد
من بەبێ ترس خۆمم دایە دەستی چەپی
جەستەمی پارچە پارچە کرد
ڕۆحمی کرد بە چەند قاژێکەوە

دواجار ئەو هات
لەسەر لوتکەی شاخێکی بەرز
هەردوو دەستی پڕ بوو لە گوڵ
هەردوو چاوی بووبوو بە دەریا
هاواری دەکرد و دەگریا
هاواری دەکرد و دەینەڕاند

پارچەکانی جەستەی شنە
پارچەکانی ڕۆحی شنە
یەك گرنەوە بە ئەمری من یەك گرنەوە
ئێستا کاتی هەڵفڕینە بەرەو ئاسۆ

یاریدەدەری سەرپەرشتیار: بڕوا بەرزنجی
ستاف: پێشەوا محەمەد .. شاڵاو حەبیبە

# تەکتیکی حاشالێکردن، لە بیری ئیسلامیی داکۆکیکاری نوێدا

## لە چیرۆکی قەسابخانەی (بەنو قوڕەیظە)دا - مشتومڕێک لەگەڵ مامۆستا (ئەیوب زەڵمی)

سەروەر پێنجوێنی

**بەشی بیستویەکەم**

### تەمومژی دەوری ئیبن ئیسحاق

شێوازێکی نوسەرە ئیسلامیە نوێیەکان، بۆ سازکردنی گومان لە چیرۆکی قەتڵوعامی خێڵی بەنو قورەیظە؛ ئەمەیە کە سەرەتا ئیبن ئیسحاق و کتێبی "المغازي"ـەکەی بە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکیی چیرۆکەکە دەزانن، و ئینجا ئەو قسەوقسەڵۆک و تەمومژەی لە کەلەپوری ئیسلامیدا لەسەر ئیبن ئیسحاق و "مەغازی"ـەکەی هەبوە دوبارە دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەوەی دوان لە حەدیسبێژەکانی مەدینە، لە هاوشاریەکانی خۆی، کە (مالیک) و (هیشامی کوڕی عوروە)ن، وتویانە دەربارەی ئیبن ئیسحاق.. ئەمەش بۆ نەهێشتنی متمانە بەو سەرچاوە سەرەکییەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام، تەنها لەبەر ئەوەی بە وردەکاریی زۆرەوە چیرۆکی قەتڵوعامی بەنو قورەیظە و هەندێک چیرۆکی گرفتاویی تری وەکو ئەوەی گێڕاوەتەوە کە نامۆ و نەگونجاون لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ.. و بەبێ ساغکردنەوە و بەدواداچونی ئەو قسە و تەمومژەی هەبوە.

ئیتر بۆ نمونە: دەگێڕنەوە کە ئیمام (مالیک) دەربارەی ئیبن ئیسحاق وتویەتی: ئەمە درۆزنێکە لە درۆزنەکان "دَجّالٌ مِنَ الدَّجاجلة"! و گوایە ئەم درۆزنییەی لەوەدا بەرجەستە بوە کە ئیبن ئیسحاق بۆ گێڕانەوەی هەڵمەت و جەنگەکان "غزوات"ی پێغەمبەر بۆسەر یەهودی مەدینە پشتی بەستوە بە نەوەی دواتری ئەو یەهودیانە. و ئیتر گوایە ئەو بێزاری و ناڕەزاییەی مالیک لە ئیبن ئیسحاق دەگەڕێتەوە بۆ ئەم لایەنە، و لێرەدا بەڵگە بە وتەی (ابن سید الناس) ـ یەکێک لە نوسەرانی "سیرە" ـ لە "عیون الأثر"دا دەهێننەوە کە وتویەتی: خراپباسکردنی ئیبن ئیسحاق لە لایەن مالیکەوە لەسەر گێڕانەوەی "حەدیث" نەبو بەڵکو لەسەر ئەوە بو کە ئیبن ئیسحاق بۆ باسی غەزاکانی پێغەمبەر گوێی دەگرت بۆ نەوەکانی یەهود کە موسوڵمان ببون و چیرۆکی خەیبەر و قورەیظە و ئەل-نەضیر و چیرۆکی تری نامۆی لەو بابەتانەیان لە باووباپیرانیانەوە دەگێڕایەوە "ولم يكن يقدح فيه مالك من اجل الحديث، انما كان ينكر عليه تتبعه غزوات النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ من أولاد اليهود الذين أسلموا وحفظوا قصة خيبر وقريظة والنضير وما أشبه ذلك من الغرائب عن أسلافهم" (١)، کە دوایی ئەم قسەیەی ناوبراو لای (عەسقەلانی)یش لە "تهذيب التهذيب"دا دەبینینەوە (٢). و هەر لێرەوە گریمانەی ئەوەش دەکەن کە ئیمام (مالیک) دژی ئەم چیرۆکانەش ـ بۆ نمونە چیرۆکی بەنو قورەیظە ـ بوە.

لەم ئەڵقەیەی زنجیرەکەمانەوە بەدواداچونێک بۆ ئەم کێشەیە دەکەین؛ و هەوڵ دەدەین بزانین حەقیقەتی پشتی ئەم قسانە و ئەم تەمومژە و ئەم دژایەتی و پەسەندنەکردنەی (مالیک) و هەندێکی تر بۆ کەسێتیی ئیبن ئیسحاق چیە.

### (ئیبن ئیسحاق) کێیە؟

"ئیمام"ی زاناکانی "مەغازی" و ژیاننامەی پێغەمبەر، ئەبو عەبدیللاه (موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار)، ناسراو بە (ئیبن ئیسحاق)ی موطەلیبیی مەدینەیی، لە "تابیعی"ـەکان. ساڵی (٨٥ ک.) لە مەدینە لە دایکبوە و پێگەیشتوە. (یەسار)ی باپیری لە دیلکراوە بەکۆیلەکراوەکانی کڵێسای (عين التمر)ی عێراق بوە کە (خالیدی کوڕی ئەل-وەلید) ساڵی (١٢ ک.) بردونی بە کۆیلە، و ئەو کاتە مەسیحی بوە (بەپێی هەندێک سەرچاوەش؛ بنەماڵەکە لە بنەڕەتدا ئێرانی بون)، بەڵام دوایی موسوڵمان دەبێت و خۆی و نەوەکەی ئازاد دەبن. (ئیسحاقی کوڕی یەسار)یش هەر حەزی زۆری لە گێڕانەوە و کۆکردنەوەی "حەدیث" هەبوە، و هەمان حەز بۆ موحەممەدی کوڕی ماوەتەوە و زۆریشی لێ گێڕاوەتەوە، دوای ئەویش سودی لە خەڵکێکی زۆر، لە صەحابە و نەوەی صەحابەوە، هەتا "تابیعی"ـە گەورەکان (بەتایبەتی ئەل-قاسیمی کوڕی ئەبو بەکر، و ئەبانی کوڕی عوثمان)، بینیوە، و گەورەترین قوتابیی ئیمام (زوهری)ـە (٣).

ئیبن ئیسحاق یەکێکە لە زانا ئیسلامیە پێشەنگەکان کە بایەخی زۆری داوە بە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی گێڕانەوە ئیسلامیەکان بەگشتی (بۆیە لە ژیاننامەی پێغەمبەران و پێغەمبەری ئیسلام و جێنشینەکانی، و "حەدیث" بەگشتی، و هەتا "فیقه"یش، زانا بوە)، بەڵام بەتایبەتی لە بواری "مەغازی" و ژیاننامە "سیرة"ی پێغەمبەردا هەڵکەوتوە. ئەو تۆمارکردن و نوسینە ڕێکخراوەی ئەو کردویەتی بۆ "سیرە" و مێژوی ئیسلامی لە قاڵبی نوسراوێکی ڕێکوپێکدا بە پەخشان و لە شێوەی کتێب؛ لە ئەزمونە ڕچەشکێن و دامەزرێنەرەکانە (هەرچەند تۆمارکردنی هەواڵەکان و ڕێکخستنی مێژوییان پێشتر کاری تێدا کراوە)، و لەم لایەنەوە پێش (مالیک) و ئەوانی تریش کەوتوە. وەکو (ذەهەبی) دەڵێت: یەکەم کەسە کە زانستی "علم" [ی ئیسلامی]ی تۆمار کردوە، پێش مالیک و دەستەکەی، و لەو زانستەدا دەریایەکی بەخرۆش بو، هەرچەند ئاستی زانیاری و ساخکردنەوەی وەکو پێویست نەبو "وهو اول من دون العلم بالمدينة قبل مالك وذويه، وكان في العلم بحرا عَجّاجا، ولكنه ليس بالمجوّد كما ينبغي" (٤).

ئەو کارەی ئەو کردویەتی بە تۆمارکردنی ژیاننامەی پێغەمبەر و ژیانی خۆیی بۆ تەرخان کردوە؛ بە شیاویەوە پێشەنگی و پێشەوایەتی "ئیمامەت"ی ئەم بوارەی پێ بەخشیوە، بە شێوەیەک زۆربەی زاناکانی ئیسلام شایەتیی ئەوەیان بۆ داوە، لەوانە ئیمام (زوهری) کە وتویەتی: "لە مەدینە هەر زانستێکی زۆر دەمێنێت هەتا ئیبن ئیسحاق لەناو خەڵکی مەدینەدا بمێنێت" ("لا يزال بالمدينة علم جَمٌّ ما دام فيهم ابن إسحاق" (٥) [یان "لا يزال في الناس علم ما بقي مولى آل مخرمة"]، هەروەها هاتوە کە دەربارەی "مەغازی" لە (زوهری)یان پرسیوە، ئەویش ئاماژەی بۆ ئیبن ئیسحاق کردوە و وتویەتی: "ئەمە زاناترینی خەڵکە" ("هذا اعلم الناس") (٦)، یان وتویەتی: "ئەوەی زانستی 'مەغازی'ی بوێت؛ با دەست بگرێت بە ئیبن ئیسحاقەوە" ("من اراد المغازي؛ فعليه بابن اسحاق") (٧). هەروەها ئیمام (شافیعی) کە وتویەتی: "ئەوەی بیەوێت لە بواری 'مەغازی'دا قوڵ ببێتەوە؛ ئەوە بەتەواوی پشت دەبەستێت بە ئیبن ئیسحاق" ("من اراد ان يتبحر في المغازي؛ فهو عيال على ابن اسحاق") (٨). هەروەها (مەرزوبانی) دەڵێت: "موحەممەدی کوڕی ئیسحاق یەکەم کەسە کە 'مەغازی'ی پێغەمبەری کۆکردوەتەوە و ڕێکخستوە" (محمد بن اسحاق اول من جمع مغازي رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ والفها) (٩).

بەتایبەتی کە کتێبی "المغازي"ـەکەی یەکەم کتێبی ژیاننامەی پێغەمبەرە کە بەتەواوی مابێتەوە و پێمان گەیشتبێت، ئەوەش لە ڕێگەی گێڕانەوەی (زیادی بەککائی) و پاڵفتەکردنی زیاتری (ئیبن هیشام)ەوە، کە بە هۆی ئەمەوە هەندێک بەشی لابراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەقێکی پێکەوەبەستراوی بەگشتی تەواوی کتێبەکەیمان پێگەیشتوە.

هەر بۆیە ناوبانگی ئیبن ئیسحاق لەو بوارەدا هەتاکو ناوبانگی مامۆستاکەی کە (زوهری)ـە، و هەمو قوتابییەکانی تری زوهری و هەمو ئەوانەی کە پێشتر لەو بوارەدا کاریان کردوە، داپۆشیوە. هەرچەند لە کتێبەکەیدا زۆر پشتی بەستوە بەو مامۆستا گەورەیەی و قوتابیەکانیشی وەکو (ئەبو عەمری مەدینەیی) و (عەبدوڵلای کوڕی ئەبو بەکری مەدینەیی)، بەڵام لە خەڵکێکی زۆر و سەرچاوەگەلێکی زۆرەوە گێڕانەوە و زانیاریی وەرگرتوە. هەتا سەردانی میصریشی کردوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر. ئیتر هەر لە مەدینە جێگیر دەبێت، هەتا بە هۆی دژایەتیی هەردو (مالیک) و (هیشامی کوڕی عوروە) ناچار دەبێت مەدینە بەجێ بهێڵێت، و بگاتە (کوفە) و ئینجا (جەزیرە) و (ڕەیی) و پاشان بگەڕێتەوە عێراق و لەوێ کتێبی (المغازي)ـەکەی ـ کە پێشتر تەواوی کردبو و کەرەستەکانی لە مەدینە کۆکردبوەوە ـ پێشکەشی (ئەبو جەعفەری مەنصور) بکات. لە کۆتاییشدا ساڵی (١٥١ ک.) مردوە.

### ئیبن ئیسحاق و نوسینەوەی "سیرە"

لە ڕاستیدا و لە بنەڕەتدا کتێبەکەی ئیبن ئیسحاق سێ بەشە: باسی سەرەتا "المبتدا" کە چیرۆکی پێغەمبەران و مێژوی عەرەبی پێش ئیسلام لە خۆی دەگرێت، کە لە گێڕانەوەکەی بەککائی و پاڵفتەکردنەکەی ئیبن هیشامدا ئەم بەشە بەتەواوی کورت کراوەتەوە و تەنها کورتەیەک لە باسی ئیبراهیم و ئیسماعیلی لێ هێڵراوەتەوە بەشی ئەوەندەی باسی باپیرانی پێغەمبەری لێوە بکات (دوایی طەبەری لە مێژوەکەیدا و ئەزرەقی لە "مێژوی مەککە"کەیدا گەلێکیان لەم باسە لابراوانە هێناوەتەوە و پاراستوە). و باسی ناردنی پێغەمبەر "المبعث"، ژیاننامەی پێغەمبەر هەتا کۆچی بۆ مەدینە و جێگیربونی لەوێ. و باسی جەنگەکان "المغازي"ی پێغەمبەر: قۆناغی مەدینە و جەنگەکان هەتا کۆچی دوایی. هەتاکو، وەکو (ابن النديم) باسی کردوە، بەشێکی تری بۆ زیاد کردوە دەربارەی جێنشینەکان "الخلفاء"ی پێغەمبەر (بەتایبەتی جێنشینە "ڕاشید"ەکان و ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە، و کەمێک لە سەردەمی ئومەوی) و جەنگەکانی سەردەمی ئەوانیش؛ و بەم شێوەیە مێژوی ئیسلامیی دوای پێغەمبەریشی داپۆشیوە (١٠).

ئەم کتێبەی ئیبن ئیسحاق یەکەم دەقێکە کە ژیاننامەی پێغەمبەری بە ڕێکخستنی مێژویی و بابەتی و هونەری دارشتبێت، و بۆ ئەمە گێڕانەوەکانی پۆلێن کردوە و گێڕانەوەیەکی یەکبینەی گشتیی لێیان ساز کردوە، و سەرباری ئەوەش لێدوان و ڕونکردنەوە و ڕاڤەی لەسەر ڕوداوەکان هەیە؛ و بەم شێوەیە یەکەم کاری مێژویی تەواوی لەو بوارەدا پێشکەش کردوە، و کارێکی کردوە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی "سیرە" ئاسان ببێت.

و لەبەر ئەوەی ناوبراو سەرچاوەکانی جۆراوجۆرن و ڕێباز و شێوازی خۆی هەیە و لە مامۆستا و سەرچاوەی عێراقی (کوفەیی..)یشەوە زانیاریی وەرگرتوە؛ بۆیە لەگەڵ قوتابخانەی مەدینەی ئەو کاتە و قوتابخانەی یەمەن (وەهبی کوڕی مونەببیه) هەندێک جیاوازیی هەیە، بۆیە هەندێک پێیان وایە دەکرێت گێڕانەوەکەی ئیبن ئیسحاق "قوتابخانەی عێراق" بنوێنێت.

زانیاریەکانی ئیبن ئیسحاق، بەتایبەتی لە بەشی "مەغازی"ی پێغەمبەردا، زانیاریی ورد و جیددین و بایەخی تەواویان بە "سەنەد" و سەرچاوەی هەواڵەکان تێدایە، و ئەوەندە زانیاریی واقیعی و چڕوپڕیان تێدایە کە گومانێک ناهێڵنەوە بۆ بونی بنچینەی مێژویی تەواو بۆ ئەو جەنگ و هەڵمەتانە، هەرچەند شوێنەواری چیرۆکی میللی و شیعری میلیی سازکراو لە گێڕانەوەکەیدا هەیە کە ڕەنگدانەوەی تەوژمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگایە و ئەو ڕۆژگارەیان تێدایە، بەڵام بەگشتی ماددەیەکی مێژویی باش دەخاتە بەر دەست کە توێژەر دەتوانێت جیای بکاتەوە لە ڕەگەزەکانی تر.

هەتاکو سەرچاوە و کەرەستەکانی ئەم "سیرە"یەی ئیبن ئیسحاق دۆکیومێنت و بەڵگە و دەقی کۆنیشیان لە خۆگرتوە، هەندێک نامە و بەڵگەنامە و لیستە ناو و دەقی ڕێکەوتنی تۆمار کردوە کە ڕون دیارە هاتونەتە بەردەستی و گواستونیەوە بۆ نوسراوەکەی خۆی. لەمانە دۆکیومێنتێکی زۆر گرنگە کە نوسراوەکەی ناوبراو یەکەم سەرچاوە و تاکە سەرچاوەیەتی و نوسەرە کۆنەکانی تری بواری "سیرە" و "مەغازی" باسیان نەکردوە: ئەو دەقەیە کە پێی دەوترێت "دەستوری مەدینە"، کە هەرچەند دەکرێت هەندێک گومانی لێ بکرێت (بەتایبەتی لە شوێن و کاتی چەسپاندن و کارپێکردنی ئەو قەباڵەیە، و ڕێکخستن و بەدوایەکداهاتنی بڕگەکانی دەقەکە)، بەڵام کۆنی و تایبەتبونی زمانەکەی ـ بە بڕوای من ـ شایەتی بۆ ئۆریجیناڵبونی دەقەکە دەدات.

> کتێبی "المغازي"ـەکەی (ئیبن ئیسحاق) یەکەم کتێبی ژیاننامەی پێغەمبەرە کە بەتەواوی مابێتەوە و پێمان گەیشتبێت، ئەوەش لە ڕێگەی گێڕانەوەی (زیادی بەککائی) و پاڵفتەکردنی زیاتری (ئیبن هیشام)ەوە

> ئەو دەقەی پێی دەوترێت "دەستوری مەدینە"، دۆکیومێنتێکی زۆر گرنگە کە "مەغازی"ی ئیبن ئیسحاق یەکەم سەرچاوە و تاکە سەرچاوەیەتی، هەرچەند دەکرێت هەندێک گومانی لێ بکرێت، بەڵام کۆنی و تایبەتبونی زمانەکەی ـ بە بڕوای من ـ شایەتی بۆ ئۆریجیناڵبونی دەقەکە دەدات


كتاب سيرة رسول الله

Das Leben Muhammed's nach Muhammed Ibn Ishâk bearbeitet von Abd el-Malik Ibn Hischâm.

Aus den Handschriften zu Berlin, Leipzig, Gotha und Leyden herausgegeben von Dr. Ferdinand Wüstenfeld.

ERSTER BAND. Text. Erster Theil.

Göttingen, Dieterichsche Universitäts-Buchhandlung. 1858.

چاپی ئەوروپایی یەکەمی «سیرە»ی ئیبن ئیسحاق-ئیبن هیشام، گۆتینگن، ١٨٥٩

پەراوێز:

(١) ابن سيد الناس، عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، تعليق: إبراهيم محمد رمضان، بيروت: دار القلم، الطبعة الأولى، ١٩٩٣، ج. ١، ص. ٢١.

(٢) العسقلاني، ابن حجر، تهذيب التهذيب، الهند: مطبعة دائرة المعارف النظامية، الطبعة الأولى، ١٣٢٦هـ، ج. ٩، ص. ٤٥.

(٣) بۆ ژیاننامەی ئیبن ئیسحاق بەگشتی؛ بڕوانە:

العسقلاني، تهذيب التهذيب، ج. ٩، ص‌ص. ٣٨-٤٠.

أمحزون، د. محمد، "جهود كتّاب السيرة في التدوين"، مجلة (البيان)، العدد: ٣٣٠. ٢٤ / ١١ / ٢٠١٤.

هوروفتس، يوسف، المغازي الأولى ومؤلفوها، ترجمة: د. حسين نصار، القاهرة: مكتبة الخانجي، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، ص‌ص. ٩١-٩٤.

د. رياض هاشم هادي، د. نضال مؤيد مال الله، "منهجية ابن إسحاق في تدوين السيرة النبوية"، مجلة مكاتبة العلوم الإسلامية، مج. ٦، العدد: ١٢، ٢٠١٢.

(٤) الذهبي، سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب الأرناؤوط، مؤسسة الرسالة، الطبعة الثالثة، ١٩٨٥، ج. ٧، ص. ٣٥.

(٥) و (٦) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ج. ٧، ص. ٣٦.

(٧) ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار صادر، الطبعة الأولى، ١٩٧١، ج. ٤، ص. ٢٧٦.

(٨) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ج. ٧، ص. ٣٦. ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج. ٤، ص. ٢٧٦.

(٩) ياقوت، معجم الأدباء (إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب)، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار الغرب الإسلامي، الطبعة الأولى، ١٩٩٣، ج. ٦، ص. ٢٤١٨.

(١٠) لە لایەنی پێکهاتەی نوسراوەکەی ئیبن ئیسحاقەوە بڕوانە:

هوروفتس، المغازي الأولى ومؤلفوها، ص‌ص. ٩٨-١٠٣.

# دیدگایەکی ڕەخنەیی دەربارەی کتێبەکەی تۆماس پیکیتی: «سەرمایە» لە سەدەی بیستویەکدا

دەیڤد هارڤەی
وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر

نووسینی کتێبێک لەژێر ناوی «سەرمایە« لە لایەن (تۆماس پیکیتیThomas Piketty)ـەوە، هەرایەکی گەورەی نایەوە. نووسەر لەم کتێبەدا داوای جێبەجێکردن و سەپاندنی باجی هەڵکشاو (progressive taxation) و باجێکی گەردوونیی دەکات بەسەر سامان (wealth) دا، بەو پێیەی ئەم دوو باجە ئاکە ڕێگەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواست و ئاراستەی پێکهێنانی فۆرمێکی میراتی (patrimonial)ی سەرمایەداریی، کە خاڵی ناسینەوەی نایەکسانییەکی «تۆقێنەر»ی سامان و داهاتە. ئەو بە شێوەیەکی قورس و ناڕەحەت هەستاوە بە بەدۆکیومێنتکردنی وردەکارییەکانی چۆنیەتیی قوڵبوونەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە هەردوو لایەنی سامان و داهات، لە دوو سەدەی ڕابردوودا، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر سامان بە شێوەیەکی تایبەتی. پیکیتی هەستاوە بە تێکشکاندنی ئەو بۆچوونە باوەی پێیوایە سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سامان دابەشدەکات، و قەڵای سەختی بەرگریکردنە لە ماف و ئازادییە فەردییەکان. پیکیتی ئەوە پیشاندەدات کە سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد، لە نەبوونی دەستتێوەردانێکی بەرچاو و سەرەکیی دەوڵەت بۆ دووبارە دابەشکردنەوە، دەبێتە بەرهەمهێنی ئۆلیگارشییە دژە دیموکراتیکەکان. ئەمەش بۆتە مایەی وروژاندنی تووڕەیی لیبراڵەکان و ڕۆژنامەی «واڵ ستریت جۆرناڵ»ی کەللەیی کردووە.


## ئەڵتەرناتیڤی مارکس؟

زۆر جار ئەم کتێبە وەک ئەڵتەرناتیڤێکی سەدەی بیستویەکی بەرهەمەکەی مارکس —کە لە سەدەی نۆزدەدا نووسراوە— بە هەمان ناونیشان، هەڵدەسەنگێندرێت. هەرچەندە لە ڕاستیدا پیکیتی ڕەتیدەکاتەوە وەها نیازێکی هەبووبێت و قسەیەکی لەو جۆرەی کردبێت، لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە کتێبەکەی دەربارەی سەرمایە نییە. ئەو پێمان ناڵێت کە بۆچی داڕمان و قەیرانەکەی ساڵی ٢٠٠٨ ڕوویدا، و بۆچی خەڵکی بەشێکی درێژی ژیانیان سەرقاڵی خۆڕزگارکردنن لە ئەهامەتییە دوولایەنەکەی «بێکاریی درێژخایەن» و «لەدەستدانی ملیۆنان خانوو بەهۆی ڕەهنی سەر خانووبەرەوە». هەروەها هاوکاریشمان نابێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری بەم چەشنەسستبوونی گەشەی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەراورد بە چین؛ یاخود بۆچی ئەورووپا بە دەست سیاسەتی سکەهەڵگوشین و ئابوورییەکی داکشاوەوە دیل و زەلیل بووە. ئەوەی بە ڕاستی پیکیتی بە شێوەیەکی ئاماریی ئەنجامیداوە —کە دەبێت لەمەدا سوپاسگوزاری خۆی و هاوپۆلەکانی بین— بریتییە لە پیشاندانی ئاراستەی سەرمایە لە مێژووی خۆیدا، بۆ بەرهەمهێنانی ئاستی لەڕادەبەدەری نایەکسانی. کە ئەمە بۆ زۆرێک لە ئێمە هەواڵێکی تازە نییە. بەڵکو ئەمە بەتەواوی ئەو دەرئەنجامە تیۆرییەیە کە کارل مارکس لە بەرگی یەکەمی سەرمایەکەی خۆیدا پێیگەیشتووە. پیکیتی ئاماژە بەمە نادات و چاوی لێدەپۆشێت، ئەوەش جێگەی سەرسووڕمان نییە، کاتێک لە ڕووبەڕووی تۆمەتی ڕۆژنامە ڕاستڕەوەکاندا کە بە مارکسییەکی دەمامکدار دەیشوبهێنن، نکوڵی لەوە بکات کە کتێبی «سەرمایە»ی مارکسی خوێندبێتەوە.

پیکیتی بۆ پاڵپشتیی ئارگومێنتەکانی خۆی کۆمەڵێکی زۆر داتای کۆکردۆتەوە. ئامار و داتاکانی سەبارەت جیاوازییەکانی نێوان داهات و سامان قەناعەتپێکەر و سوودبەخشە. بە شێوەیەکی ورد و زیرەکانە پێداگریی دەکات لەسەر «باجی میرات Inheritance tax» و «باجی هەڵکشاو» و «باجی گەردوونی و سەرتاپایی لەسەر سامان -ئەگەر بڕەخسێت-»، بەوپێیەی ئەمانە چارەسەرن بۆ زیادبوونی چڕبوونەوەی سامان و دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر گومان لەوەدا نییە کە بەشی زۆریان قابیلی جێبەجێکردن نین لەڕووی سیاسییەوە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بە تێپەڕبوونی کات ئەم ئاراستەیە دەبێتە مایەی قوڵبوونەوەی زیاتری نایەکسانی؟ لەسەر بنەمای داتاکانی (کە بە هێنانی هەندێک ئاماژەی جوانی ئەدەبیی لە بەلزاک و جەین ئۆستینەوە، ترش و خوێی پێداکردووە) یاسایەکی ماتماتیکیی داڕشتووە بۆ ڕاڤەکردن و پیشاندانی ئەوەی دەگوزەرێت: کەڵەکەکردنی ڕوولەزیادبووی سامان لەلایەن یەک لەسەدە بەناوبانگەکەوە (کە بەهۆی بزووتنەوەی «واڵ ستریت داگیربکەن»ەوە بۆتە چەمکێکی باو) دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی سادە و ساکار، ئەویش ئەوەیە کە بڕی داهاتی گەڕاوەی سەرمایەی (r)، هەمیشە خواستی زیادکردنی تێکڕای گەشەی داهاتی (g)ی هەیە. کە ئەمەش بەپێی پیکیتی لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا هەمیشە وەک «دژبەرییەکی سێنتراڵ»ی سەرمایە دەمێنێتەوە.

مەنزومەیەکی ئاماریی لەم چەشنە، دەکرێت ڕاڤەیەکی بەجێ پێشکەش بکات، بەڵام توانستەکەی لەوە دەردەچێت ببێتە یاسایەک. هەربۆیە پرسیارەکە ئەمەیە: چی هێزێک ئەم چەشنە دژبەرییە بەرهەمدەهێنێت و پارێزگاریی لێدەکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پیکیتی وەڵامەکەی لانییە. یاسا هەر یاسایە، ئەمە هەموو پرسەکەیە. ئەگەر پرسیاری بوونی یاسایەکی لەم جۆرە بگێڕینەوە بۆ مارکس، بێگومان وەڵامەکەی بریتییە لە «ناهاوسەنگیی نێوان کار و سەرمایە». ئەمەش ڕاڤەیەکی ڕوونە و هەتاوەکو ئێستا بە زیندوویی ماوەتەوە. لە دوای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەوە، پاشەکشێی ڕاست و جێگیری پشکی «کار» لە داهاتی نەتەوەییدا، دەگەڕێتەوە بۆ پوکانەوەی هێزی سیاسی و ئابووریی کار، بەڵام لای خۆیەوە «سەرمایە» تەکنەلۆژیاکان مۆبیلیزە دەکات، و بێکاریی بەرهەمدەهێنێت، و پیشەسازییەکان هەناردە [ی دەرەوەی ئەورووپا و ئەمریکا] دەکات، سیاسەتە دژە کرێکارییەکانیش (وەک سیاسەتەکانی مارگرێت تاتچەر و ڕۆناڵد ڕەیگان) کاریان لەسەر شکاندنی گشت بەرهەڵستییەک دەکرد. وەک (ئالان باد)ی ڕاوێژکاری ئابووریی مارگرێت تاتچەر، لە ساتەوەختی دوورکەوتنەوەیدا دان بەوەدا دەنێت کە سیاسەتەکانی دژە هەڵاوسان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، «ئامرازێکی کاریگەر بوون بۆ زیادبوونی تێکڕای بێکاری، زیادبوونی تێکڕای بێکارییش ئامرازێکی خوازراو بوو بۆ لاوازکردنی هێزی چینی کرێکار… ئەوەی ئێمە نەخشەمان بۆ کێشا، بەپێی چەمکە مارکسییەکان، هیچ نییە جگە لە دروستکردنی قەیرانێکی سەرمایەداریی، کە دووبارە سوپایەکی یەدەگی کار بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ سەرمایەدارەکان خۆشکرد، کە لەو کاتە بەدواوە بەردەوام قازانجە زۆرەکانیان کۆبکەنەوە». لە حەفتاکاندا، جیاوازیی نێوان کرێیی کرێکارە مامناوەندییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان دەگەیشتە نزیکەی (١ بەرامبەر ٣٠). ئەم ڕێژەیە لە ئێستادا دەگاتە زیاتر لە (١ بەرامبەر ٣٠٠)؛



تۆماس پیکیتی، نوسەری سەرمایە لە سەدەی بیست و یەکدا

لە دۆخی کۆمپانیاکانی هاوشێوەی «مەکدۆناڵدز»یشدا دەگاتە نزیکەی (١ بەرامبەر ١٢٠٠).

بەڵام لە بەرگی دووەمی سەرمایەکەی خۆیدا —کە پیکیتی نەیخوێندۆتەوە و بە ئاسوودەییەوە لە ئاستیدا چاو دەپۆشێت— مارکس ئاماژە بەوە دەدات کە خواستی سەرمایە بۆ کەمکردنەوەی کرێکان، دەگاتە ئاستێک توانای بازاڕ بۆ وەرگرتن و پێشوازیکردن لە بەرهەمەکانی سەرمایە، بەرتەسکدەبێتەوە. (هێنری فۆرد) دەمێکە ئەم تەنگەژەیەی ئاشکراکردووە و فەرمانیدا بە پێدانی کرێیەکی ٥ دۆلاری بۆ ڕۆژێکی کارکردنی ٨ سەعاتی، کە بەپێی گوتەی خۆی لەپێناو هاندان و بەرزکردنەوەی خواستی بەکاربردندایە. زۆرێکیش پێیان وایە نەبوون یاخود لاوازیی خواستێکی کاریگەر، بەرپرسە لە بێبازاڕیی گەورە (Great Depression)ی ساڵانی سیی سەدەی بیست. هەر ئەمەش ئیلهامبەخشی سیاسەتە کینزییە فراوانخوازەکان بوو لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، کە بووە مایەی کەمکردنەوەی جیاوازی و نایەکسانیی نێوان داهاتەکان (ئەگەرچی هیچ کاریگەرییەکی گەورەی نەبوو لەسەر کەمکردنەوەی جیاوازی و نایەکسانیی نێوان سامانەکان) لە ناو گەشەیەکدا کە خواستێکی بەهێز پاڵنەر و جوڵێنەری بوو. بەڵام ئەم چارەسەرە پشتدەبەستێت بە توانادارییی (empowerment) ڕێژەیی چینی کارکەر و بونیادنانی «دەوڵەتی کۆمەڵایەتی social state» (چەمکەکەی پیکیتی)، کە سەرچاوەی تەمویلکردنی بریتیدەبێت لە باجی هەڵکشاو. پیکیتی دەنووسێت: «دواجار، بەدرێژایی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٨٠، واتە نزیکەی نیو سەدە، باجی داهاتی (income tax) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتۆتە تێکڕای ٨١ لەسەدا». لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژەیە بە هیچ جۆرێک ئاستی گەشەی پەکنەخستووە (کە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی پیکیتییە بۆ بەدرۆخستنەوەی بیروباوەڕ و تێڕوانینی ڕاستڕەوەکان).

لە کۆتایی شەستەکاندا، زۆرێک لە سەرمایەدارەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستییان بەوەیە ڕێوشوێنێک بگرنەبەر سەبارەت بە زیادبوونی لەڕادەبەدەری هێزی کار. لێرەوەیە (کینز) لە عەرشی ئیکۆنۆمیستە موحتەرەمەکان دەهێنرێتەوە خوارەوە و پەنادەبرێتە بەر بیرکردنەوەیەکی تەوەرەیی لە دەوری «خستنەڕوو-عرض» لای (میلتۆن فریدمەن)، وەک دەستپێکی هەڵمەتێکی خاچپەرستانە بۆ جێگیرکردنی —نەوەک کەمکردنەوەی— تێکڕای باجەکان، و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە کۆمەڵایەتییەکە و لەوێشەوە سەپاندنی دیسپلین بەسەر هێزەکانی کاردا. دوای ساڵی ١٩٨٠ تێکڕاکانی باج ڕوویان لە نزمبوونەوە کرد، قازانجەکانی سەرمایە —کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی گەورە دەوڵەمەندەکانە— ڕووبەڕووی باجێکی هەرە نزم دەبنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش پاڵنەرێک بوو هەتاوەکو لێشاوی سامان ڕوویکاتە نزیکەی لەسەدا یەکی دانیشتوان. بەڵام کاریگەرییەکانی ئەمە لەسەر گەشە (growth) کەمبایەخە، وەک پیکیتی دەیخاتەڕوو. بەمجۆرەکاریگەریی «داچۆڕان*»ی قازانجی دەوڵەمەندەکان بۆ گشت توێژەکانی کۆمەڵگە (کە ئەمەش گوتەیەکی دیکەی دڵخوازی ڕاستڕەوەکانە)، بەدینەهات. ئەم شتانە هیچ یاسایەکی ماتماتیکیی ناتوانێت بیانسەپێنێت. کارەکە گشتی پەیوەستە بە سیاسەتەوە.

پاشان لە ساڵانی دواتردا ڕەوڕەوەکە بەردەوام بوو لەتەواوکردنی سووڕی خۆی، ئەو پرسیارەش کە زۆرترین جەختی لەسەردەکرایەوە ئەمەبوو: خواست لەکوێیە؟ هەمان ئەو پرسیارەی پیکیتی بە شێوەیەکی سیستماتیک چاوی لێپۆشیوە. ساڵانی نەوەدەکان خۆی لەم پرسیارە لادا، ئەویش بە بەرفراوانبوونێکی گەورەی «کریدیت»، لەناویشیدا درێژبوونەوە و بەرفراوانبوونی دارایی ڕەهنەکان بۆ بازاڕگەلێکی لاوەکی— بازاڕی ڕەهنە خانووبەرەییەکان—، بەڵام باڵۆنی دەستمایەکان (assets) کە یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ئەو دۆخە بوو، هەر دەبێت بتەقێت، ئەمەش لە ساڵانی (٢٠٠٧ و ٢٠٠٨)دا ڕوویدا و کۆمپانیای «لیهمان برەزەرس» کەوت و لەگەڵیشیدا کۆی سیستەمی کریدیت. هەرچۆنێک بێت تێکڕای قازانج و زیادبوونی چڕبوونەوەی سامانی فەردیی بەو خێرایییە لەڕادەبەدەرە لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ەوە، وەهای کردووە گشت کەرتە ئابوورییەکان و تەواوی مرۆڤایەتی لە دۆخێکی گراندا بژین. لە ئێستادا تێکڕای قازانجی کۆمپانیاکان، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. کۆمپانیاکان لەسەر بڕی گەورەی پارەی کاش دانیشتوون و خەرجکردنی ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوەی دۆخی بازاڕ گەرم و پڕجوڵە نییە.

فۆرمولەکەی پیکیتی بۆ یاسا ماتماتیکییەکە، زیاتر سیاسەتە چینایەتییەکان پەردەپۆش دەکات وەک لەوەی پەردەیان لەسەر هەڵبداتەوە. وەک (وارن بافیت) —سێیەم گەورەترین پیاوی جیهان— تێبینیی کردووە: «بەدڵنیاییەوە شەڕێکی چینایەتی لەئارادایە، ئەوەش چینەکەی منە، چینی دەوڵەمەندەکان، کە ئەم شەڕە ئەنجامدەدات و هەر خۆشمان براوەین». یەکێک لە فاکتەرە دەروازەییەکان بۆ بردنەوەی دەوڵەمەندەکان، بریتییە لە گەشەی کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان سامان و داهات، سامان و داهاتی نێوان یەک لەسەدەکەی سەرەوەی دانیشتوان و زۆرینەی خەڵکە ئاساییەکە.

## سەرمایە وەک پرۆسە

سەرەڕای ئەوە، ئارگومێنتەکانی پیکیتی گرانییەکی گەورەیان تێدایە. لەسەر پێناسەیەکی هەڵە بۆ سەرمایە ڕاگیر بوون. سەرمایە جگە لە پرۆسە هیچی دیکە نییە. زۆربەی کات پرۆسەی دەستاودەستکردنی پارەیە لەپێناو ڕاکێشانی پارەی زیاتردا، هەر بە تەنها لە چوارچێوەی چەوساندنەوە و ئیستغلالکردنی هێزی کاردا قەتیس نەبووە. بەڵام پیکیتی سەرمایە وەک سندوقی دەستمایەی هەڵگیراوی تاکەکان و کۆمپانیاکان و حکومەتەکان دەناسێنێت، کە ئامادەی ئاڵوگۆڕە لە بازاڕدا، بەبێ ڕوانین لەوەی شیاون بۆ بەکارهێنان یاخود نا. ئەمەش هەریەکە لە زەوی، خانوبەرە و مافی خاوەندارێتیی فکری دەگرێتەوە، هاوشان لەگەڵ کارە هونەرییەکان و ئەو خشڵ و ڕازێنەرەوە هەمەچەشنانەی مرۆڤ هەیەتی. چۆنیەتی دیاریکردنی بەهای ئەم شتانە کێشەیەکی تەکنیکیە و کۆدەنگییەک نییە لەسەر شێوازی چارەسەرکردنەکەی. لەپێناو هەژمارکردنێکی ورد و دەقیقی تێکڕای داهات (د)، بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی بەهای سەرمایەی بنەڕەتی. بەداخەوە ڕێگەیەک بوونی نییە بۆ دیاریکردنی، کە بێبەری و سەربەخۆ بێت لە بەهای شمەک و ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بەرهەمهێنانیدا بەکاردەهێنرێن، یاخود سەربەخۆ بێت لە نرخەکەی لە بازاڕدا. کۆی بیری ئابووریی نیۆکلاسیکی (کە بنەمای بیرکردنەوەی پیکیتییە)، لەسەر ئەم بازنە بەتاڵە دامەزراوە (دوای هەموو هەوڵێک، ئاو بە ئاو ڕاڤە دەکات**).

تێکڕای داهاتی سەرمایە، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕاوەستاوەتە سەر تێکڕای گەشە، چونکە سەرمایە بە چاوپۆشین لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بەرهەمیهێناوە، دیارینەکرێت. بەهاکەی بە شێوەیەکی گەورە کاریگەر دەبێت بە بارودۆخی سەوداگەریی، کە دەتوانرێت ئاراستەکەی لە میانەی (ناعەقڵانییەکی کارا)دوە بگۆڕێت، کە ئەمەش دانراوی ئیکۆنۆمیستی ئەمریکی (گرینسپان)ـە، وەک سیمایەکی ئاوازەی بازاڕەکانی کۆمپیالە و نیشتەجێکردن (الاسکان- housing) ئەگەر نیشتەجێکردن و سەوداگەرییە خانووبەرەییەکان (العقارية- estate)—ئەمە جگە لە بەهای بابەتە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی خاوەن سندوقەکانی وەبەرهێنان— لە پێناسەی سەرمایە دەربکەین (پاساو و ئارگومێنتی خستنەناو پێناسەکەوە تاڕادەیەک لاوازە)، ئەوا تەفسیرەکەی پیکیتی بۆ قوڵبوونەوەی جیاوازییەکان لە سامان و داهاتدا، ڕاستەوخۆ سەر بەرەوخوار هەڵدەگەڕێتەوە، ئەگەرچی پێناسەکەی بۆ دۆخی جیاوازی و نایەکسانییەکانی ئێستا و داهاتوو بە ڕاوەستاوی دەمێننەوە.

پارە، زەوی، خانووبەرە، کێڵگەو ئەو ئامێرانەی بە شێوەیەکی بەرهەمهێن بەکارناهێندرێن، سەرمایە نین. ئەگەر تێکڕای داهاتی سەرمایەی بەکارهێندراو بەرز بێت، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەشێک لەم سەرمایەیە، لە دەستاودەستکردن کشاوەتەوە، یاخود بە شێوەیەکی کردارەکیی مانگرتنی خۆی ڕاگەیاندووە. کورتبوونەوەی پانتایی سەرمایە بەتەنها لە سەرمایەگوزارییە نوێیەکاندا (کە ئەمە دیاردەیەکە و ئێستا دەیبینین)، دەتوانێت تێکڕای داهاتی بەرز لەو بەشەی سەرمایە دەستەبەر بکات کە لە ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردندایە.

دروستکردنی دەگمەنیی دەستکرد تەنها لەوەدا کورتنابێتەوە کە کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ دەستەبرکردنی تێکڕای داهاتی بەرز دەیکەن، بەڵکو پەنابردنی گشت جۆرەکانی سەرمایە بۆ هەمان میکانیزم کاتێک هەلیان بۆ دەڕەخسێت، هەمان بابەتە. ئەمە بناغە و زەمینەکەیە: خواست بۆ تێکڕای داهاتی سەرمایە (جا پێناسە و ڕێگەی پێوانەکەی هەرچییەک بێت)، هەتاوەکو هەمیشە تێکڕای گەشەی داهات زیادبکات. بەمجۆرە سەرمایە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی مسۆگەر دەکات، ئیدی ئاکامەکەی بۆ زۆرینەی زۆری خەڵک چەندێک ناڕەحەت بێت، چینی سەرمایەداریش بەوجۆرە دەژین.

ئەو داتایانەی پیکیتی ئامادەیکردوون، شتی گەلێک بەهاداریان تێدایە. بەڵام لەڕاستیدا تەفسیرەکەی بۆ زیادبوونی نایەکسانی و جیاوازییەکان و دەرکەوتە ئۆلیگارشییەکان، گەلێک ناڕەوا و پڕ کەموکورتین. پێشنیارەکانیشی سەبارەت ڕاستکردنەوەی نایەکسانییەکان ساویلکانەن، ئەگەر نەڵێین یۆتۆپیین. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە پیکیتی مۆدێلێکی عەمەلیی بۆ سەرمایە و شێوازی کارکردنی لە سەدەی بیستویەکدا بەرهەمنەهێناوە. هەربۆیە هێشتا پێویستمان بە مارکس یاخود بە هاوتاکەیەتی لە سەدەی بیستویەکدا.

* Trickle-down economics، گوزارشتێکی سیاسیی-ئابوورییە، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتێکی ئابووریی سەرمایەدارییە، بە گوتەی خۆیان بۆ چارەسەری قەیرانەکانی خواست بەکاریدەهێنن، هاوکات لەلایەن ڕەخنەگرەکانیانەوە بەرامبەر ئەو سیاسەتە ئابوورییەی داوای وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی زیاتری دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان دەکات، بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی هەر جوڵەیەکی ئەمان کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر هەژارەکان دەبێت، بەو مانایەی هەر چی لەپەرداخە گەورەکەی سەرەوە سەرڕێژیکرد و چۆڕایەوە، دەچێتە ناو پەرداخە بچووکەکانی خوارەوە! ئیکۆنۆمیستەکانی دەوروبەری ڕۆناڵد ڕەیگان، بەشێکی سەرەکی بوون لەبەرگریکارانی ئەم سیاسەتە.

** ئیدیۆمێکی ئینگلیزییە، لێرەدا واتە ڕاڤە و شیکارییەکانی، هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر پرسیار و ئیشکالەکان.

سەرچاوە: گۆڤاری (بدایات)، ژمارە (١١)، بەهاری (٢٠١٥).

